## چالاکییەکی سیاسیی زیانبەخش لە هەندێک لە(باڵەکانی کۆمەڵە)دا

مەبەست لە کۆمەڵە (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)ە- کە پاش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کرا بە{رێکخراوەی کوردستانی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)}. کاردانەوەی سیاسیی و چالاکییەکانی ئەو حیزبە لەناو خەڵکی ئێران بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی دائەنێن بۆ ئەو کەسانە کە ئەو حیزبەیان دورستکرد تا بە بەڵگەوە بیخەنە روو، بەڵام کاردانەوەی سیاسیی ئەو حیزبە لە کوردستاندا بوو بەوە کە کۆمەڵێک (کۆمەڵە) پێک بێت، تاوانی ئەو چەن پارچەییەی کۆمەڵەیش ئەبێ خەڵکی هەژاری کوردستان بیدەن و بەس!

بۆ ئەوەی لە باسەکە دوور نەکەوینەوە سەرنجتان بۆ ئەو چەند دێڕەی خوارەوە رائەکێشم:

### { رەوتی سوسیالیستی کومەلە و دیالوگ
### (لە پەراویزی سیمینارەکەی ئیستوکهولمدا)

کەمال بلووری

١٣ی مانگی فیبریەی لە سەر بانگهیشتی هاوریانی رەوتی سوسیالیستی بەشداریم کرد لە سیمیناریک کە بە بونەی چلهەمین سالوەگەری کومەلە، بە مەبەستی دیالوگ لە نیو بنەمالەی گەورەی کومەلەدا بەریوە چوو، ........................................................

...........................................................

بەلام کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری یەکیک لە باسکارانی ئەو سیمینارە بوو کە سەرەرای ئیحترامیکی زوورم بوی، بەلام بە باوەری من کاک ئەحمەد لە باسەکەیدا کومەلیک بوختانی ساز کراوی فیکری خوی لە دو تەشکیلاتی سیاسی و رابەرانی هینایە گور، کە من وەک بەشداریکی ئەو سیمینارە بە ئەرکی سەر شانی خومی دەزانم جوابیکی کورتی بو بنوسمەوە، یەکەم، هەدەفی کاک ئەحمەد بەلاریدا بردنی ئارمانجی سیمینارەکە بوو، دوهەم، پیوانەی هینانی کاک ئەحمەد بو ریزی باسکاران بە باوەری من هەلەیەکی بە ئەنقەست ولە پیش داریژراو بو، کاک ئەحمەد بە هەمو پیوانەیەک نەدەکرا لە ریزی باسیکی ئاوەها گرینگ دابندری کە لە سەر دیالوگ ولیکنیزیک بونەوەی بالەکانی کومەلە بەریوە چوو، تەنیا پیوانەیەک کە دەتوانم بو کاک ئەحمەد تەسویری کەم، ئەوەیە کە هاوشاری ورەفیقی بەشیکی زوور لە هاوریانی رەوتی سوسیالیستیە، کاک ئەحمەد هەر لە دەسپیکەوە حەولیدا زەمینەی گرژبون ساز کا و هەرەشەی کرد کە ناو دەهینی ورەخنە بە ناوەوە دەگری، ئەوە لە کاتیکدایە کە بە باشی دەیزانی کە لاینگرانی ئەو هیزانەی کە ئەو هیرشیان دەکاتە سەر لە ئەو کورە بەشدار نین، لە پیشدا بو ئەوەی سرنجی هاوریانی رەوتی سوسیالیستی راکیشی، هیرشی کردە سەر کاک برایم عەلیزادە و کتیبەکەی دایە بەر رەخنە و گوتی هەر کەس ئەو کتیبە بخینهیتەوە، وا دەزانی کە کومەلە هەر خەریکی کونگرە گرتن بوبیت. دوایە گوتی لە ٣٦ کەس لە دامەزرینەرانی حیزبی کومونیست تەنیا کاک برایم لە ناو ئەو حیزبەدا ماوە، لە راستیدا تینەگەیشتم کە دەیهەوی چ سابیت کا،

تو بلی زەرفیکی ریخراوەیی پەیویستی بە ئەوە بیت کە هەمو ئەوکەسانەی دایانمەزراندووە لە گەلی بمینەوە، بو نمونە تو بلی دامەزرینەرانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئید هەر یەکدانەشیان لە حەیاتدا مابن، یا لە حیزبی کومونیست گەرم کە بو خویان داکوکی لە خویان بکەن، بەلام بو رازی کردنی جەماعەتی حیزبەکەی ئاسو سات، روی لە کاک عەبدوللە موهتەدی کرد و بە چەواشەکردنی نوسراوەکانی و لیکدانەوەی خوی بو مەبەستی دیاریکراو تەنانەت کاک عەبدوللەی بە لاینگری لە قانونی ئەساسی کوماری ئیسلامی تومەتبار کرد، بە ئەوە رانەوەستا و لە ژیر سیبەری ماموستا شیخ عیزەدین سەنگەری گرت تا پەلاماری کاک عەبدوللەی بدا، ..............................................

**ستوکهولم**

**کەمال بلووری**

سەرچاوە سایتی ئاستافی {mailto:astafe_post@hotmail.com

خۆشبختانە تکنیکی ئەنترنێتی کارەکانی ئاسان کردووە، ئایا جوانتر نەبوو نووسەری ئەو نووسراوە بە نامە یا تەلەفۆن یا ئاگادارییەکی ئەنترنێتی سەرنجی بەڕێز موهتەدی بۆ ئەو باسە راکێشایەت و داوای لێبکردایەتن کە خۆیان دیدوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو سمینارە بەگشتی و ئەو باسەیش کە لەو نووسراوەدا ئاماژەی پێکردووە بەتایبەتی، بەیان بکردایەت؟

لە فەرهەنگی سیاسییدا پێویستە ئاگاداری لە **رابەرایەتی حیزب و رێکخراوەکان بکرێت تا بە شێوەی فیزیکی زیانیان پێنەگات**! ئەو پارێزگارییە لە جهاندا بووە و هەیە، ئەو کارە بۆ ئەوەیە کە سیستمی سیاسی ئەو حیزب و رێکخراوانە بە شێوەیەکی ئارام درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن! ئەو کەسانە واتە (پێشمەرگە – نگهبان – واکت) کە پارێزگاری لەو رابەرانە ئەکەن کەسانێکی سیاسین، زۆربەی ئەو کەسانە لە درێژەی ژیانی سیاسیدا ئەگەنە پلەی رابەرایەتی لەو حیزب و رێکخراوانەدا، نەک کاریان ئەوە بێت کە پارێزگاری لە رابەران بکەن .

کام مرۆڤ بەگشتی و کام رابەری سیاسی بەتایبەتی، لە جهاندا هەیە کە کارەکانی بێ هەڵە و کەموکوڕی بوو بێت؟ کەموکوڕییەکانی هەر مرۆڤێک بە رخنە چارەسەر ئەکرێت. کەموکوڕییە سیاسییەکانی هەر رابەرێکی سیاسیش بە رێبازی سیاسی و رێبازی رەخنە گرتن دێتە ئاراوە، رەخنەکانیش لە کۆڕ و سیمنارەکان بە شێوەی راستەخۆ یا لە رێگای گۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و ئەنترنێتەوە دەسنیشان ئەکرێن.
وەڵامی پێویست و راستەخۆ لەلایەن خودی ئەو کەسانە کە رەخنەکەیان ئاراستە کراوە یا لەلایەن نوێنەری دیارکراوی ئەو کەسانەوە پێویستە!
باشترین نموونە بۆ ئەو باسە وەڵامی بەڕێز(Göran Persson یۆران پەرشۆن)ی سویدییە لە ساڵەکانی ١٩٩٠ کە لە تەلەڤیزیۆنی سویدەوە سەبارەت بە رەخنەیەک روو بە خەڵکی سوید و ژنێک کە پێوەندی بەو باسەوە بوو، بەیانیانکرد.
بەداخەوە لە فەرهەنگی سیاسی ئێمەی (کورد)دا رێبازی رخنەگرتن و وەڵامدانەوە زۆر لاوازە! رەخنەگرتن بەگشتی و بەتایبەتی رەخنەگرتن لە رابەری حیزب و رێکخراوەکان ئاسان نییە و ئەگەر وەڵامێکش بێتە ئاراوە لەلایەن خودی ئەو کەسانە واتە ئەو رابەرانە کە رەخنەکەیان ئاراستە

کراوە نابێت، بەڵکو لەلایەن کادر و ئەندامەکانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەوە دەبێت، ئـەوەیـش بـە شێوەیکی سەربەخۆ نەک وەک نوێنەر، ئەو سەربەخۆییە سەربەخۆییەکی شایستە نییە! با لێرەدا <u>تەنیا ٣ نموونە</u> سەبارەت بە خودی خۆم لە لایەن (چوار کەس لە چالاکان و تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە) بخەمە بەردەست:

**نموونەی یەکەم لەلایەن بەڕێز** (sharw54@yahoo.com)

Wed, 23 Jan 2008 16:28:00
+0000 (GMT)

| | |
|---|---|
| Fr•n: | ymsgr:sendim?sharw54 FPRIVATE "TYPE=PICT;ALT=Send an Instant Message" ymsgr:sendim?sharw54"roghgar amad" <sharw54@yahoo.com><br>Yahoo! DomainKeys har bekrںftat att det hںr meddelandet skickades av yahoo.com. <u>Lںs mer</u> |
| ؤmne: | hawal la kordstan |
| Till: | qayshi@yahoo.com |

&& &&&&&

#message9176839707309519704620114671108166735392 { overflow:auto; visibility:hidden }

are kaka ato aw kare karat le chia?

ranga blei zor jnev froshm balam aw vtarai to har aw joabi qabila

la walam ba joabaki Ibrahim Elizada

ئەري كاكە ئەوە كەرەكەرەت لي چيە

رەنگە بليي زور جني فروشم وەلاهي ئەو وتارە نا قابيلەي تو هەر ئەوەي قابيلە

لە ولام بە جوابەكەي ئيبراهيم عليزادە

***

**نموونەی دووهەم لەلایەن بەڕێز (ستار ئەوێنگ) لە کانادا**

"setar f"
<starf1955@hotmail.com>
Lägg till i adressboken

| | |
|---|---|
| **Till:** | qayshi@yahoo.com |
| **Ämne:** | Slaw |
| **Datum:** | Wed, 23 Jan 2008 04:09:59 -0500 |

slaw man star awihangm la canada farm paxwash hamish datbainm noshtakanacht daxwanmw agam layay to lano tashkilaty komalah w hazabi komonest iran da far fahal w farach fadakaret kardw w farach zahmaetat kashwa farch dalzozaboet w farch sadaq boet man chakat danasm razi tibatm hayay bogozashtan xalasahad w dazanm hichwqtach hazar nabwaet bita ba owzawi komala w hazbi komonest walali esta man parsyarkam hay la

janabet  bam bochoantw chn lagagl tashkilat matwa w karat bodarad bam bochonani estw dabwaya 1 sahat larazakani amtashkilata namayat w bam bochnani estai to dabwayay la razakani xabaty shjalali hosani w hazabi dokrad bwayaet  ama boman parsyar  xala saed razi tabatm bot hayay  mawaki zwarbo har garkam bo  takta tasasbagar bom nakar esta ba fastm zani am parsyar la janabet kam sarkotobi sopas bye star awihang canada 23 -1 2008 shmar talafonaki manch 001 416 493 86 77   pam xwash takta tamasm babet agar pexwash bet man hamash razi tibatm bo to hayay

❊❊❊

**نموونەی سێهەم لە ستۆکهۆڵم**

لە لایەن بەڕێزان(**سدیقەی محەمەدی**) و (**ئامینەی کاکەباوە**) دوو کەسایەتی سیاسیی حیزبی کۆنیستی ئێران و بەڕێوەبەرانی رادیۆ ژنان لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی ٢٠٠٧ سەبارەت بە رەخنەیەک لە بەڕێز (**بەهرام رەحمانی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**)} رێگەیان نەدا لە کاتی تایبەت بە گوێگرانی رادیۆ لەو رادیۆوە رەخنەیەک بە نوسراوە و بە دێکۆمێنتەوە ئاراستەی **بەڕێز رەحمانی** بکەم.

***

دەسکەوتی ئەو جۆرە چالاکییانە لە هەر رێکخراوەیەکی سیاسیدا جگە لە **رابەرپەرەستی** هیچی دیکە نەبووە و نییە، هەروەها چارەنووسی کۆمەڵگایش بەرەو **تاکپەرەستی** ئەبات. بە چاوپۆشیکردن لەو جۆرە چالاکییانە رێبازی ئازادی و بێ کۆسپ و تەگەرە دەبێت و کەسایەتی کەسەکانیش لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداریدا لە چوارچێوەی خۆیاندا دەمێننەوە!

خاڵێکی دیکە لە نووسراوەکەی بەرێز بلووری واتە نووسراوەی {**رەوتی سوسیالیستی کومەلە و دیالوگ**(**لە پەراویزی سیمینارەکەی ئیستوکهولمدا**)} جێگەی سەرەنجە، ئەوەیش شێوەی نووسینی کوردییە، لە نووسینی کوردیدا پیتەکانی (ێ– ۆ– ڵ– ڕ...) هەیە، ئەو پیتانە لە نووسیندا بۆ خوێنەر گرنگە، خوێنەر بەیارمەتی ئەو پیتانە ئەتوانێت نووسراوەکان وەک خۆی بخوێنێتەوە. جێگەی داخە ئەو پیتانە لەو نووسراوەدا لە بەرچاو نەگیراوە، ئەوەیش نیشانەی کەمتەرخەمییە بەرانبەر بە زمانی کوردی و رێنووسی کوردی لە ژیانی دژواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو زمانەدا!

**تێبینی**: بەڕێز ئەحمەد ئەسکەندەری لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بەو سمینارەی سەرەوە، کە ماوەیەک پێش لە ئەنترنێت بڵاویان کردووەتەوە، ئاماژەیان کردووە بە نووسراوەکەی بەڕێز کەمال بلووری.

سەعی سەقزی ٢٠١٠/٤/١٦
qayshi@yahoo.com